داواکاری گشتی فرانکفۆرت دوو سایتی جیهانی تاوان و بازرگانی قەدەغەکراوی داخست



نووسینگەی داواکاری گشتی فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا و فەرمانگەی پۆلیسی تاوانی فیدراڵی دووکەی نەوەدووەتی تاوانی ئەلیکترۆنی داخست، سەبارەت کە ملیۆنەها بەکارهێنەر سەردانی دەکەن.

بەگوێرەی هاگیێندراوەکی نووسینگەی داواکاری گشتی فرانکفۆرت لە وەاتی ئەڵمانیا، ئەم سایتانە دووگەورەترین سایتی تاوانی ئەلیکترۆنی بوون لە جیهاندا. پلاتفۆرمەکانی (to.nulled) و (io.cracked)، کە زیاتر لە 10 ملیۆن بەکارهێنەری تۆمارکراوی هەبوو.

پشتر، وەاتانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئوسترالیا، ئیسپانیا، یۆنان، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و فەڕەنسا بەشداریان لە ئۆپەراسیۆنی پۆلیسی نەوەدووەتی بە فەرماندەیی ئەڵمانیا کرد، تیایدا هەشت کەس دەستگیرکران کە کاری قەدەغەکراویان لەو سایتانەدا دەکرد و هەردوو سایتە ئەلکترۆنیکە بە چەند مەبەستێک بەکارهێنراون، لەوانە بازرگانی قەدەغەپێکراو و ئامادەکردن یان ئینجامدانی هەڕەشی هاککردن بە سەر تاک و کۆمپانیاکان، یان بڵاوکردنەوە و فرۆشتنی داتای دزراوی دامەزراوەکان و کۆمپانیاکان.